BIRAYETÎ
یەکەمین ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە
Daily newspaper Kurdistan - Iraq
Thu,Nov.7, 2002 No: (3837)
http://www.birayeti-xebat.net
Concessioner:
Jawhar Namiq Salim
Editor -in- chief:
Ariyan Ferej
E-mail:birayeti@birayeti-xebat.net
خاوەن ئیمتیاز:
جەوهەر نامق سالم
سەرنووسەر:
ئاریان فەرەج

ڕەسەنایەتی یا ستران و موسیقا کوردی د سیمینارەکێدا

ن. برایەتی- زاخۆ

ل (١١/٤) هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان سیمینارەک ل ژێر ناڤێ (ڕەسەنایەتی یا ستران و موسیقا کوردی ل کوردستانێ، زاخو وەک نموونە) ل باخچێ بنگەهێ شەهید (سالح یوسفی)ێ ڕەوشەنبیری ل زاخو پێشکێش کر.

فەرید زامدار: زۆر شاعیری نوێخوازی کورد لە ئاستی شاعیرە بەرزەکانی دنیادان

دیانە: بۆتان جەلال

(فەرید زامدار) کاتێ لە ساڵی ١٩٧٩ یەکەم دیوانە شیعری خۆی بەناوی (ژوانی سێبەر) بڵاوکردەوە، هەست دەکرا ئەم شاعیرە هەر تەنیا لە ژوانی سێبەردا نییە، بەڵکو لەگەڵ گزنگ و خۆرەتاویشدا خۆشەویستی هەیە و زنجیرە ژانێکی شیعری بە پێزیش لە چاوەڕوانیدایە، ئەوەتا ئەمڕۆ ناوێکی دیاری شیعری تازەگەری کوردییەو خاوەن (٢٥) ساڵی ئەزموونە، لەم ڕۆژانەدا ببووە میوانی فیستیڤاڵی هەژار موکریانی لە هەولێر، بە هەلمان زانی ئەم چەند پرسیارەی ڕووبەڕوو بکەینەوە:

*** شیعری کوردی بەکوێ گەیشت؟**

هێشتا لە ژێر کاریگەری شیعری نوێخوازیدایە کە لە ساڵانی هەشتاکاندا سەری هەڵداو تا ئەمڕۆکەشی لەگەڵدا بێت ڕێچکەی ئەو شیعرە بەردەوامەو لە داهێنانی نوێی خۆیدا بەرگی ئاڵ و والا دەپۆشێ، کۆمەڵێ شاعیری دەست ڕەنگین توانیویانە سیمایەکی هونەریی و ستاتیکایی مانا بەخش و گەشاوەی پێ بدەن، دەتوانرێ بچێتە ئاستێکی جیهانی، بەدڵنیاییەوەش دەڵێم گەر وەربگێڕدرێن ئەوە زۆر لە شاعیرەکانمان گەر (نۆبڵ)یش وەرنەگرن ئەوە خەڵاتی جۆراوجۆر لە ئاستی جیهاندا وەردەگرن.

*** ئایا شیعری تازەگەری کوردی لە پەیامەکەی خۆیدا ڕاستگۆ بووە؟**

- هەر کارێکی داهێنان دیارە کارێکی ڕاستگۆیانەیە و کارێکە دەکەوێتە ناو خانەی داهێنانەوە، زۆر شاعیری نوێخوازو خاوەن دەنگی تازە لە کوردستاندا هاتوونەتە گۆڕەپانەکە کە زۆر لەو دەنگانە ڕەسەن و سەرکەوتوون و خزمەتی کلتووری نەتەوەییمانیان کردووە، زۆریشیان لە ئاستی شاعیرە بەرزەکانی دنیادان و شیعرەکانیان لەهیچ شاکارێکی شیعریی لە جیهاندا نزمتر نییە.

*** شیعر ئایندەی هەیە؟**

- شیعر وەک ناسراوە پێناسەی نییە، هیچ شاعیرێکیش بۆ ئەوە نانووسێ کە ئایندە دروست بکات، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدا ئیزافەیەک بۆ سەر ئایندە بکات و واقیع جوانتر بکات و شتە دوورەکان لە یەکتر نزیک بکاتەوە.

*** خوێنەری شیعری ئەمڕۆکە کێن و چەندن؟**

- شیعر خوێندەواری خۆی هەر هەیە، چونکە شیعر حاڵەتێکی ڕۆحییە و بڕواناکەم لە جەماوەر دابڕێت، دەمێنێتەوە سەر جۆری شیعرەکان، دەمێکە پێشنیازی ئەوەم کردووە، کە تەقلیدی شیعر خوێندنەوە لە هۆڵەکان نەمێنێ، بەڵکو پێشانگای شیعر بکرێتەوە، خۆشم پێرار پێشانگایەکی شیعریم کردەوە، تا جوانی لە ژیاندا بمێنێ و هەستی ناسک شاعیر بجوڵێنێ و دەقی خوڵقێنەری پێ بنووسێ؛ ئەوە شیعر خوێندەواری هەر دەمێنێ.

*** هەندێ شیعری کوردی دەبیندرێ تەنیا زەخرەفەی وشەو یاری شێوە ئەندازەییەکانە و هیچی تر؟**

- خۆشم لەو جۆرەی تۆ باسی دەکەی نووسیومە، لە دوو دیوانە شیعردا ئەزموونێکی لەو شێوەیەم پەیڕەو کرد، بەڵام لای زۆربەی خەڵک مەقبوڵ نەبوو، لە هەقیقەدا نووسینی ئەو جۆرە شێوانە باجێکی قورسیان پێ ژماردم، بە هەر حاڵ حاڵەت و ئەزموونێک بوو تێپەڕی، بەڵام ئەو ئەزموونە لە ئەدەبیاتی جیهانیشدا یەکجار زۆرە.

*** لەنێو شاعیرانی حەفتاکاندا، فەرید زامدار لە کوێ یە؟**

- سەرەتا لە ساڵی (١٩٧٩) کۆمەڵە شیعرێکم بەناوی (ژوانی سێبەر) بڵاوکردەوە، لەوێوە پێگەیەکی بەهێزم دامەزراند، کە تا ئێستاش لەسەر قاچی خۆم وەستاوم.

*** دوای ئێوە وەچەی هەشتاکان ونۆهەدەکان هاتن، ئەوان چی لە ئێوە فێربوون؟**

- ناتوانرێ بەراورد و حوکمێک بدەی کە ئەوان چ سوودو ئەزموونێکیان لە ئێمە وەرگرتبێ، چونکی ئەوان بەتایبەتیش وەچەی نۆهەدەکان دوای ڕاپەڕین هاتوونەتە مەیدانەکەو لەکەشوهەوایەکی ئازادانەو دیموکراسیانەدا بەرهەمەکانیان بڵاوکردۆتەوە، ئێمە کاتی خۆی لە ژێر چاوی هەزاران سانسۆر شیعرمان دەنووسی، زۆربەی ئەوانەی دەمانووسین سانسۆر دەکران، زۆریان ڕێگای بڵاوکردنەوەیان لێ دەگیرا، ترس و تۆقان و گرتن و ڕاونان هەبوو، جا شیعرێک لەوکەشوهەوا ترسناکەدا بنووسرێ؛ زۆر جیاوازە لەوەی لە بارێکی دەروونی و ڕۆشنبیریی گونجاودا بەرهەم دەهێندرێت.

*** چیتان لە بەردەستدایە؟**

- کۆمەڵێک دەقی درێژ، سێ ساڵە ئیشیان لێ دەکەم، بە تەقس و ڕوئیایەکی فرەوانترو ئاڵۆزتر بنیادم ناون، هەروەها خەریکی سێیەمین پێشانگای شێوەکاریم.

*** دەستی هونەری شێوەکاریشتان هەیە؟**

- سەرەتا بەهونەری شێوەکاریم دەست پێکردووە، کاتێ قوتابی بووم لەگەڵ هونەرمەندان(نامیق عەلی قادر) و (ڕەهبەر جەلال) ڕەسممان دەکردو پێشانگامان کردۆتەوە، بەڵام وازم لە شێوەکاری هێناو دەستم دایە شیعر.

چەتۆ نەورۆز..ئەلبومێکی نوێی گۆرانی

هونەرمەند چەتۆ نەورۆز- پێی ڕاگەیاندین کە لەو ماوەیەدا خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ ئەنجامدانی ئەلبومێکی نوێی گۆرانی بۆ هونەرمەند (ئالان عومەر) کە دە گۆرانی دەگرێتە خۆی، لەمبارەیەوە (چەتۆ) گوتی: هەوڵم داوە لەم بەرهەمەدا شێوازێکی نوێی دابەشکردنی مۆسیقا لە گۆرانی کوردیدا بخەمە ڕوو، ئەویش بە هاوکاری و بەشداری بوونی چەندین مۆسیقاژەنی بە توانای وەک، ئامانج غازی، بەکر خالید، موکریان، دارەڤان سەید ئەحمەد، هەنگاو ئەنوەر، هەڵبەست سەلاح، سروود فوئاد، سیروان محەمەد ئومێد، هۆگر، چەند مۆسیقا ژەنێکی تر، ئەو کارە هونەرییانە لە ستۆدیۆی (پیانۆ) وکاری کۆمپیتەرو تۆماری دەنگیشی لەلایەن هونەرمەند (ئاکۆ) ئەنجام دەدرێت.

لـــەل

ئیسماعیل بەرزنجی

شیری تەگەو فوی دکتۆرەکە!

بەستریپێرار، کاتێک تەگەیەکی شیردەر لەگوندێکی نزیکە شاردا پەیدا بوو... خەریک بوو قیامەتێک دروست ببێت، جۆرەها تەفسیر و لێکدانەوەی بۆکرا، هەندێک دەیانوت:

- هەر جارێک تەگەیەکی لەم چەشنە پەیدابێت مەعنای وایە دنیا خاپوور دەبێت.

لە هەمووی عەنتیکەتریش ئەوەبوو کە خەڵکانێک دەیانوت:

- ئەم شیرە دەرمانی سەرەتان و تیراوەو قورحەیە، ڕۆژنامەو تەلەڤزیۆن لە خەڵکە سادەکە زیاتر پڕوپاگەندەو ڕێکلامیان بۆ ئەو تەگە شیردەرە کرد، نازانم ئەو تەگەیە ئێستا ماوە یان چۆتە ڕێگەی هەق، بەڵام دوای ئەو دەیان(تەگە)ی تر لە بوارەکانی سیاسەت و ئەدەب و هونەر و ئابووریدا پەیدا بوون.

ئێستاش، کە خەریکە خەتی ئینتەرنێت بگاتە شارۆچکەو گوندەکان و کەم کەس هەیە مۆبایلی بەدەستەوە نەبێت... دەڵێن لە شارۆچکەیەکی ئەم شارەدا (دکتۆر)ێک پەیدا بووەو بە (فو) نەخۆش چاک دەکاتەوە، لە بەیانی تا ئێوارە کۆستەر و لۆری و لاندگرۆز و ئەنواعی ماشێن لەبەردەم ماڵی ئەو دکتۆرەدا بەڕێز ڕادەوەستن، ئەلحەق پارەش لە هیچ نەخۆشێک وەرناگرێت، بەڵام ڕایدەسپێرێ کە لە فلانە دوکان یەک کیلۆ هەنگوین و نیو کیلۆ ڕەشکە بکڕێت، لەناو تاکسیەکی نەفەراتدا بووم، کابرای پێشەوە هەزار سوێند و تەڵاقی دەخوارد کە ناسیاوێکی دوازدە ساڵە شەل و گۆج بووەو بەیەک (فو)ی ئەو دکتۆرە قیت بۆتەوە.

کیژۆڵەیەکی ناسک و نازدار کە موعەدەل گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگ دەخوێنێتەوەو لەسەر بوردەو مۆدێل جل و بەرگ لەبەردەکات دەیگوت:

- برازایەکی تەمەن سێ ساڵەم هەیە گومانی ئەوەمان لێدەکرد لاڵ بێت.. بەیەک (فو)ی ئەم زاتە زمانی پژاوەو فێرە زۆر گۆتن بووە.

هەفتەی ڕابوردوو، عەیادەی ئەو دکتۆرە زۆر قەرەباڵغ بوو، دکتۆر دوای چەند سەعاتێک(فو) پیاکردن و خوێندنی دوعای تایبەت بە چاککردنەوەی نەخۆشی زۆر هیلاک بوو، لە هێکرا بووڕایەوەو بەپەلە گەیاندیانە نەخۆشخانە، لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا یەکێک نەیپرسی:

- باشە مادام دکتۆر بەیەک «فو» نەخۆش چاک دەکاتەوە... ئەی بۆ فریای ئەوە نەکەوت یەک (فو) لەخۆی بکات؟؟.

لە کاتی لێخوڕینی پایسکیلدا ئۆتۆمبیلێک لە سەرەک وەزیرانی بەلجیکای دا

لەم ڕۆژانەدا سەرەک وەزیرانی بەلجیکا (جی فیر هوفشتاد) لەو کاتەدا کەسواری پایسکیل ببوو ئۆتۆمبێلێک لێیداو بریندار کرد، ئەوە بوو دەست بەجێ گەیاندرایە نەخۆشخانە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک دیسان گەڕایەوە سەر ئارەزووەکەی خۆی و سواری پایسکل بۆوە. جی فیر- پێشتر بە شێوەیەکی ڕەمزی لە چەند پێشبڕکێیەکی بچووکی پایسکیلدا لە شارەکانی بەلجیکا بەشداری کردووە.

کوندەران لە کوردەواریدا



زۆر لە گەنجانی ئەمڕۆکە شارەزای زۆر دابونەریت و کەلەپووری نەتەوەیی خۆیان نین، بۆیە ئەگەر ناوی هەندێ کەلووپەلی فۆلکۆرییان گوێ لێ بێ، بەلایانەوە ناوێکی نامۆیە، بۆ نموونە وشەی (کوندەران). کوندەران سەکۆیەکی لە قوڕ دروست کراوە کە سەرەکەی بە حەسیریان پووش دەگیرێ، کوندە-ی تێ دەکرێ بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی فێنک، جاران لە کوردەواریدا هەموو ماڵێک کوندەرانێکیان هەبوو.

کوندەش کە لە پێستی بزن یان گیسک پێک هاتووە، بە جەفت و پەلکە هەنار مۆمیا دەکرێت، دوای تەواو پاککردنەوەی شوێنی هەر چوار قاچەکانی دەبەسترێتەوە، پاشان پڕ ئاو دەکرێت و لەناو ئەو کوندەرانەدا دادەنرێت و ئاوەکە فێنک دەکاتەوە.

ئەم کوندەیە ئاوێکی سروشتی و فێنکی هەیە، جاران لە جیاتی بەفرگری ئەمڕۆکە بەکارهاتووە، ئێستاش لە هەندێ لە گوندەکانی کوردستاندا هەر ماوە.

جەمال گردەسۆری

پرۆفایل

شیعری بەرزو شاعیری باڵا سنەوبەر

ئێمەی لاوانی سەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەڕین و دواتریش، پەشێوی شاعیر پێی وتبووین کە ناشێت ئەنفال و هێرشی زلهێزی داگیرکەران ڕوانینی پڕ لە خۆزگەو ئومێدتان بۆ ئاسۆی پاشەڕۆژ هەڵبزرکێنێ.

ئەو هەمیشە لە شیعرە نیشتمانییە پڕ لە پەندەکانی فێری ئەوەی دەکردین کە نیشتیمانمان خۆش بوێ، لەکۆمەڵە شیعری (مناڵەکان)دا ئەو ئەمانەتە نەتەوەییە پیرۆزەی بە گەردنی ئێمە هەڵواسی، لەوێوە و لە شیعرە ئاگرینەکانی پەشێوەوە چەندین وانەمان لەمانای شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوەو خۆڕاگری دەخوێند، هەر دێڕێکی پەشێومان دەخستە بەر دیدە، خۆی دەخستە نێوەندی ناخمان،زێتر دەیکردین بە ئاشقی ئاڵاو خاکو کوردایەتی.

لە دوای ڕاپەڕینیش تا بەینێکی دوور کۆمەڵێ لە شاعیرە تازە نووسەکان بە نێوی نوێخوازی ئێمەیان بەبێ ڕەحمانە خستە ژێر کاریگەری شیعری خۆیان و ئێمە و شیعریان لەگەڵ یەکتر لێک دابڕاندو ئێمەیان بە تامەزرۆی شیعری ڕەسەن بەجێ هێشت.

تا ڕۆژی (١٠/٣٠) پەشێو بە هانامان گەیشتەوەو جارێکی دیکە پەلی هەست و ڕۆحی ئێمەی گرتەوە، بەرەو دنیای شیعرستانی ڕەسەنی کوردی بردینەوە، جارێکی دیکە پێی گوتین کە شیعر نەمردووەو ئێوە لەو خەوە قوڵەی شیعرستانی خۆتانا بە ئاگا بێنەوە، وەرن سەر لە نوێ دەست پێ بکەینەوە.

پەشێو لەو ڕۆژەدا گوتاری خۆی بە هەموو شاعیران گەیاندو پێی گوتن، کە دەبێ هەموومان هەڵوێستەیەک بکەین و بزانین شیعر چۆن دەچێتە خانەی گەورەیی و شاعیریش چۆن ژیان دەباتەوە.

ئەو ڕۆژە پەشێو لە بەرچاوی هەموومان سنەوبەرێکی باڵا بەرز بوو، کە ڕەنگە زۆر کەس بە خەباتی دوورو درێژی شیعری خۆیانەوە بە حەسرەتی ئەو باڵا بەرزیەی پەشێوەوەبن.

ستار چاوشین

(ئارنۆڵد) جلوبەرگەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی شێرپەنجە دەفرۆشێ

ئەکتەری ناوداری جیهانی (ئارنۆڵد شوار زنج) و هاوسەرەکەی (ماریا شرایڤەر) ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون کە دەزگای (فیتەر) لە (لوس ئەنجلوس) سازی دابوو، بۆ فرۆشتنی، ئەو جلوبەرگانەی ئەکتەری ناوبراو لە فیلمە دیارەکانی خۆی دەیپۆشی و داهاتی جلەکانیشی بە کۆمەڵەیەکی خێرخواز بەخشی کە لە پێناو لەناوبردنی شێرپەنجە.



زەماوەندێکی تر بۆ ئاشتی و یەکبوونی کورد

ڕۆژی دووی نۆڤەمبەر جارێکی دیکەش هەر لە هۆڵەنداو لە شاری (ئەلمیرە) دوو گەنجی کوردی کوردستان زەماوەندی خۆیان لە ناو سەدان کەس لە خزمان و دۆستان و هاوڕێیان بەخۆشی و ئاشتی و یەکبوونی کورد بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە گێڕا. کە ناویان (گۆڤەند ساڵح ئەحمەد پێداوی) و (عەلی حوسێن ئەحمەد پێداوی) بوون. لەو زەماوەندەدا هونەرمەند عومەر گوندی بە دەنگە خۆشەکە و مامۆستا فاروق بەکەمان و ڕزگار بە سازەکەی بەشداربوونیان هێنایە جۆش.

لە (کوردستان نێت)ەوە